
کۆمۆنیکەیشن
لەسەر ئاستی دووەم
خود بەرامبەر
خێزان و حیزب بەنموونە
عادل شاسواری

# كۆمۆنیكەیشن
# لەسەر ئاستی دووەم
# (خود – بەرامبەر)

**خێزان و حیزب بەنموونە**

**عادل شاسواری**

*2006*

**پێناسەی کۆمۆنیکەیشن :**

ئاڵوگۆر – کۆمۆنیکەیشن:– (ئەو پرۆسەیەیە کە دوکەس یان زیاتر تیایدا دەکەونە ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕاو تێڕوانین , هەست و سۆز و ڕاکانی خۆیان لە ڕێگەی بەکار هێنانی ئەو هێماو پەیمانانەی کە لەسەری ڕێکەوتون , لای هەردوو لا دانایەك دەبەخشێ لێرەوە دەتوانین بڵێین ئاڵو گۆڕوپەیوەندی کرد( comonecation )بریتی یە لە گواستنەو گەیاندنی ئەو پەیامەی کە مەبەستمانە بۆ بەرامبەرەکەمان ئەمە بریتی‌یە لە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگە . چونکە هەرکاتێك پەیامێك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی‌تر ئاڕاستەکراو , لە نێوانیاندا , جۆرێك لە کۆمۆنیکەیشن هاتە ئاراوە . ئەوا کردەی ئاڵو گۆر توانیویەتی هاوپەیمانیەك لە نێوان بەژداربوەکاندا دروست بکات هەر بەو جۆرەش کۆمەڵگاکان دروست بوون و دروستیش دەبن هەر سەبارەت بەمانای کۆمۆنیکەیشن چۆن فسك دەڵێت . (کۆمۆنیکەیشن بریتیە لە پرۆسەیەك کە تیایدا بنێر پەیامێك

دەنێرێــت و وەرگــریش وەری دەگرێــت و ئــەم پەیامــە لــە نلوەنــدێکی دیـاری کـراوەوە دەنێرێت و بـە کـەناڵێکی دیـاری کراودا دەڕوات تا دەگاتە وەرگر .پاشان وەرگر چۆن لێـی تـێ دەگات بە تێگەیشتنی خۆی بۆ پەیامەکە , کاردانەوە دروسـت دەکـات (( feedback )ی خـۆی دەردەبڕێت و لـە ڕێگـەی هەمان کەناڵەوە , یان لەوانەشە هەر نەبێت )

comonecation (پەیوەندی کـردن):– (ئـەو کردارەیـە کە کەسێك پێی هەڵ دەستێت لە کـاتێکی دیـاری کـراودا , بـۆ گەیاندنی پەیامێك بـە کەسـی تـر , کـە بێگومـان مەبەسـت لـە هێنانــەدی ئامــانجێکی دیــاری کــراوە لــە ڕێگــەی هێماوەیــە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو شتانەی کە ئەبنە ڕێگـرو تەشـویش لە ڕێگەی ).

کاتێك دەڵێین کۆمۆنیکەیشن کردارێکـە بـەو واتایـەی کـە پێـك هاتووە لە زنجیرەیەك لە کردارو ڕوداوی بەردەوام بە ئاڕاستەی ئامانجێکی دیاری کـراو .لەهــەر پرۆســەیەکی پەیوەنــد کردنــدا چــەند هۆکارێـك ڕۆڵــی ســەرەکی دەگێــڕن , لــە ڕووی ئاسـتی کاریگەری و تێگەیشتنی بەرامبـەر .کـە دوایـدا هــەوڵ دەدەیـن بەکورتی باس لە هەریەك لەو هۆکارانە بکەین .

لە پێناسەیەكی گشتیدا بۆ كۆمۆنیكەیشن كە لە ساڵی 1957 بریاری بەناوبانگی كۆمۆنیكەیشن و میتریا (وینس ماكوێك) كردویەتی دەڵێت (هەموو كارلێكردنە كۆمەڵایەتیەكان بە ناچاری بریتی یە لە كۆمۆنیكەیشن . هەروەها پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی لە بنەڕەتدا خۆی پرۆسەی كۆمۆنیكەیشنە لە ڕێگەی بەكارهێنانی پەیامەوە )

(دێنس) لەم پێناسەیەوە دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت كە هەر مرۆڤێك كە لە كۆمەڵگادا بژی لە یەكێك لە ساتە وەختەكانی ژیانی دا لە پرۆسەی كۆمۆنیكەیشندایە بەبێ ئەوەی خۆی هەست بەو پەیوەندیە بكات وە خۆی بۆ ئامادە بكات واتە لێرەدا نێرەرمەبەستەكەی دیاری نیە لە پێدانی پەیامێكدا بۆ وەرگر واتە نێرەر مەبەستێكی نیە لەو ئاراستەكردنەدا بیریش لەوە ناكاتەوە كە گونجاوترین كەناڵ بدۆزێتەوە هەتا كۆمۆنیكەیشنێكی كاریگەر ڕووبدات و باشترین كاریگەری هەبێت لەسەر وەرگر هەندێ جار وەرگر بە شێوەیەكی پەیامێك وەردەگرێت و كاریگەری لەسەر بەجێ دێڵێ كە خۆی لە ڕاستیدا مەبەستی پەیامەكە ئەو نەبوە بۆ نمونە كاتێك

منداڵێك تەماشای پرۆگرامێك یان فلیمێ دەكات كە خودی ئەو پەیامەی كە لە ناوەرۆكی فلیمەكەدایە بۆ ئەوە نىیە بەلاٌم بەشێوەیەكی نا ڕاستەوخۆ كاریگەری دەبێت لەسەری یان ریكلام بۆ كالاٌیەكی دیاری كراو هەندێ جار ئەوەندەی كەسەكە سەرنجی خەڵك ڕادەكێشێ ئەوەندە كالاٌكە سەرنجی ڕاناكێشێت

هەر بۆیە ئەگەر سەیری كۆمەڵگەی كوردی بكەین لەسەر هەموو ئاستە جیاوازەكانی كۆمەڵگا زۆتر ئەم جۆرەی كۆمۆنیكەیشنی تیادا دەدۆزێتەوە بە هۆی نەبوونی مەبەستداری لە گەیاندنی پە یامێكدا.

ئەگەر سەرنج بدەین وشەی (comonecation) بە چەندین مانا بەكاردێت و مانای جیاواز دەدات بەدەستەوە .

– لە پێناسەیەكدا بۆی (د. كریم شلی ) رەئیسی بەشی صەحافەو ئیعلام لە زانكۆی ئەزهەر دەڵێ (پەیوەندی كردن واتە گواستنەوەی بیرو ڕاو بۆچون و زانیاریەكان , لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە .واتە ئەو رێگاو هەنگاوانە دەگرێتەوە كە هۆیەكانی پەیوەندیكردن و كەناڵەكانی ڕاگەیاندن كە لە كەمترین ماوەدا شوێنە جیا جیا كان

بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە , هـەڵ ئەسـتێ بـە گواسـتنەوەی کالأکان )

## ئاراستەکانی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن

دەکـرێ هـەر پرۆسـەیەکی کۆمۆنیکەیـشن لـە یـەکێك لـەم ئاستانەدابێت

### 1- پەیوەندی کردنی خودی /

ئەو پرۆسەی پەیوەندی کردنەیەکە لـە خـودی تاکـە کەسـێکدا ڕوودەدات پرۆسـەیەکی تـەواو خودیـیە مـرۆڤ لێـرەدا لەگـەڵ خۆیدا دەکەوێتە گفتوگـۆ و وتووێـژ . لـە کاتێکـدا هەسـت بـەم پرۆسـەیە دەکـات کـە لـە نـاخی خۆیـدا لەگـەڵ خـودی خۆیـدا دەکەوێتە گفتوگۆ و دەست دەکات بە لەخۆپرسینەوە .

بۆ نمونە : کاتێك کەسێکی خۆشەویستی ئازار ئـەدات , خێـرا بەو هەڵوێستەی خۆیدا دەچێتەوە .یان بیرکردنـەوە لـە کارێـك کە کـە لـە تـاقی خۆیـدا دەیـەوێت ئـەنجامی بدات کاتێـك بـیر

دەکاتەوەو بڕیار دەدات ئەو کارە بکات هەموو ئەمانە نمونەی پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنە ژاتیە .

**2- پەیوەندی کردنی نێوان کەسەکان /**

ئەم جۆرەیان بریتیە لە سەرجەم پەیوەندیە ڕاستەوخۆو ڕووبەڕووەکانی نێوان کەسەکان کە ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام دەگەیەنرێت بە شێوەی ڕوو بە ڕوو لە نێوان دووکەس یان زیاتر , کەسەکان لێرەدا ناسراون و ئاشنان بەیەکتر . لەم جۆرەدا هەریەك لە لە (5) سەنەکەمان بەکار دەهێنین

لێرەدا کارلێك کردن لەنێوان کەسەکاندا دروست دەبێت هەر ئەمەشە کە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نێرەر لە ڕێگەی (feedback ) وە دەتوانێ ئاستی تێگەیشتنی بەرامبەر بزانێ لە پەیامەکەی .هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کۆمۆنیکەیشن (کەسی ) باشترین جۆرە لە جۆرەکانی کۆمۆنیکەیشن یە کێك لە لایەنە باشەکانی ئەم جۆرە ئەوەیە کە نێرەر لە ڕێگەی فیدباکەوە دەتوانێ بزانێ , پەیامەکەی تا چ ڕادەیەك کاریگەری هەبووە و مەبەستی خۆی پێکاوە .

لێرەوە نێرەر کاتێ زانی پەیامەکەی نەیتوانیوە کاریگەری دروست بکات ئەوا ئەوا هەوڵ دەدات گۆڕانکاری لە شێواز و

*ناوەڕۆکی پەیامەکەیدا بکات بەمەبەستی دروست کردنی زۆرترین کاریگەری هەر بۆیە ئێمەش دەمانەوێت لە ناوەڕۆکی باسەکەماندا جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەینەوە و قسەی زیاتری لەسەر بکەین .*

### 3- پەیوەندی جەماوەری
massmediacomnication

ئەو پرۆسەی پەیوەندی کردنەیە کە بەهۆی کە بەهۆی یەکێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێت یەکێك لە خاسیەتەکانی ئەم پەیوەندی کردنە ئەوەیە کەتوانایەکی باش هەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بە فراوانترین و زۆرترین خەڵك لە ئاست و پلەی جیاوازدا وە لێرەدا ئەوانەی کە پەیامیان ئاراستە دەکرێت کەسانی نەنسراون نازانرێ لە چ ئاستێکی تەمەن و خوێندندان و ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریان نازانرێ وە ئەو پەیامانەی کە دەیانگاتێ لە کاتێکی دیاری کراودایە , کە ئەو خۆی بۆ ئامادە نەکردووە واتە کتوپڕ پەیامەکە دەگاتە

دی وەرگرتن یەكێك لە لایەنە باشەكانی ئەم جۆرە بریتییە لە دروست كردنی ڕای گشتی وەهەوڵ دەدات هەڵسوكەوت و ڕەفتارو شێوازی ژیانی كۆمەڵگە بگۆڕێت .

ئەخوازین بە چەند نموونەیەك ئەم ئاستە بخەینە بەردەم ئەزمونێكی پەیكەڵ كردنەوە ،لە گۆشەنیگای ( روبینای ) دامەزراوەی كۆمەڵگەی كوردیەوە :

*دامەزراوە :– بریتی یە لەو یەكەیەی كە كۆمەڵگەی پێ پۆلێن دەكرێت لەسەر كۆی ئاستەكانی ( خێزان ، گروپ ،حیزب ، .......، دەوڵەت ) وە هەروەها لەسەر كام لەچینەكانی وەكو ( پزیشكی ، ئەندازیارە ، پارێزەران ، خوێندكاران ،یاخود نێر ، مێ ، یاخود رەش پێست ، سپی پێست یان كەم ئەندامان ، نابینایان ......) دەگرێتەوە .*

*بۆ هەركام لەوانەی كە ناومان بردن یاخود كە دەچنە ناو ئەو پۆلێن كردنانەوە ، لەكۆمەڵگەی دیموكراسی و مەدەنیدا ئەكرێتدامەزراوەیەك بەڕێوەیان بەرێت .ئەمە ئەوەندەی ئەكاتە ئەوەی كە مافی تاكەكانی نێو كۆمەڵگە پارێزراو بێت ناكاتە ئەوەی كە تاكێك تەنها لەیەك دامەزراوەدا ئەرك و مافی دەست*

نیشان کرابێت . لێرەوە دەبینین کە کاریگەریەکان لەسەر ئاستی تاك ئەکرێت بە چەند دامەزراوەیەك ، جا بەتەواوی دەربکەوێت ئێمە ئەخوازین لەم توێژینەوەیەماندا دوو ئاست وەربگرین .بەمەبەستی هەرچی رونکردنەوەی زیاتری کاریگەری کۆمۆنیکەیشن یاخود شوناسی کۆمۆنیکەیشن لە نێوان دامەزراوەی کۆمەڵگەی کوردیدا .کە ئەوانیش هەردوو ئاستی :

- دامەزراوەی خێزان ( بەتایبەتی ئاستی کۆمۆنیکەیشن لەنێوان دایك و باوك + منداڵ ) .
- دامەزراوەی حیزب ( بەتایبەتی ئاستی کۆمۆنیکەشن لەنێوان بەرپرس و لێ پرسراو بەرێوەبەر + ئەندامی ئاسایی ) .

**راڤەی یەکەم :- ( دامەزراوەی خێزان )**

خێزان وەك یەکەیەکی پێکهێنەری کۆمەڵگە بە گشتی ، یەکەمین قوتابخانەی پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە هەر

بۆیە ئەگەر واتەكانی ئەو قوتابخانەیە یاخود ماۆستاكانی ئەو قوتابخانەیە ( باوك و دایك ) ئەگەر لەئاستی پێویستدا نەبن خراپترین پەیوەندی دروست دەبێت كە ئەویش دەكاتە ( مینا كۆمۆنیكەیشن ) هەروەكو چەندین نمونە لە بەرچاودان كە (منداڵ لە ماڵ رائەكات ، كچ خۆی ئەسوتێنێت بەهۆی نەبوونی كۆمۆنیكەیشن لەنێوان ئەو و كەسی دووەمدا لە 90٪ دایك یان باوكە ، منداڵ لەژیانی پر لە بەریئی و چێژ و خۆشی تەمەنی منداڵی و مێردمنداڵی بێ بەش دەبێت كە كاریگەری زۆریشی دەبێت بۆ سەر داهاتووی یاخود ...... .

لەمەوە ئەگەینە ئەوەی كە پێویستە هۆكارە سەرەكی یەكانی دروست نەبوونی كۆمۆنیكەیشن دیاری بكەین لەنێوان دایك و باوك + منداڵ ) .

**هۆكارەكانی دروست نەبوونی كۆمۆنیكەیشن :**

- پێوانەكردنی كات و شوێنی منداڵەكانیان پەپێ ی زەمەنەانی خۆیان .
- بوونی چەپاندنێكی كاریكەر لەنێوان خێزانە رابردووەكانی چینی پێشینی كورد ، وای كردووە دایك و باوكەكان

کەش و بارودۆخی دیموکراسی و کرانەوەیان نەبینیووە .
هەربۆیە بۆ منداڵەکانی خۆشیان فەراهەمی ناکەن .

- رەنگ و ستایلی کرانەوە و وتوویژ لە نێوان گەورەو بچوکدا لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئەمرۆیش بە ستایلێکی هاوردە (مستورد ) سەیر دەکرێت وا شوناس ئەدرێنێ کە نامۆیە بە کۆمەڵگەی کوردی . بۆیە دایکان و باوکان زۆر ئامادەنین رێبدەن بە منداڵکانیان ئەو هەموو وتوو وێژو و گفتوگۆوانە بکەن . زۆرجا بەگفتوگۆکان ئەوترێ (چەندبازی ) .
- هەندێ جار ئاستی رۆشنبیری دایك و باوك هێندەی ئاستی رۆشنبیری منداڵەکانیان نییە . تا ئەگاتە ئەوەی نەخوێندەوارن و هیچ ئاستێکی رۆشنبیریان نییە ، هەربۆیە لە رووبەرووبوونەوەی دیاردەو هەڵسوکەوتەکاندا بەئاسانی نوەی نوێ پێشوازیان لێ ئەکات بەلأم لەلایەن خێزان سالاریەوە رەت ئەکرێتەوە و قابیلی قبولّ کردن نییە ز

- بوونــە تــەوژمی زانیــاری و تەکنــەلۆژیا لەنموونــەی ( پلەیستەیشن ، کۆمپیوتــەر ، مۆبایـل ، چـات و پاڵتـاکی ئەنتــەرنێت ، ســەرەلایت ، ســەیارە ، کــۆی ئــامێرە دیجیتاڵیــەکان ) بــەکارهێنراوی دەسـتی نــەوەی نــوێن هــــەروەها جێگـــــرەوەی زۆرێـــك لــــە پەیوەندیــــە کۆمەلأیەتیەکانی نـەوەی کۆنـە لـە نمونـە ( شەونـشینی ، گـــــەلکاری ، ســــــەردان ، ســــــەودا ومامەڵــــــە ، هەونەرەکۆمەلأیـەتی یـە پێـشینەکان ) ئەمـەش ئەکاتـە روبەروو وەستانی نەوەی کـۆن و نـەوەی نـوێ . لێرەشـدا کێ براوەیە بەدڵنیاییەوە ئەوەی کە دەسـەلأتی بەدەستە ، تائەوەنـدەی ئەگاتـە ئەوتەمەنـەی کـە ئەوماڵـە بـەجێ بهێڵێ .
- زۆری داواکاریـەکانی گـەنج و کـەمی جـێ بـەجێ کردنیـان لەلایـەن دایـك و باوکـەوە ،وەك شـێرزاد حەسـەن ئـەڵێ ((نەوەی نـوێ خنکێنـراوی دەسـتی کـەلتور ، کۆمەڵگـە ، خێزانە ).
- دایـك و بـاوك هەیـشە وە لەهـەمو ئاسـتەکاندا هـەروەکو منــداڵی کاڵفــام ســەیری منداڵــەکانی دەکـات تـا ئەگـەر

*بشگاتە ئاستی زانستی بەرزو پسپۆری هەرپێ ی ئـەڵێت ( تۆ هەر کەرەکەی جارانی ) .*

- *ئەگەر ( ترس لە ئازادی ) مەزنترین کتێبی ئەلیکفرۆم بێت ئەوا لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەناو خێزانی کوردیدا لە تـرس زایـەکردنی منـداڵ گـەورەترین و قـورس تـرین پێوەنـدی دەست و پێ ی منداڵە ، دایك هێنـدە منداڵەکـەی خـۆش دەوێت ئەیەوێت مێـشێکی پیاهەڵگـەرێت بزانێـت چ جـارێ سەفەر بکات یان موجازەفەیەك بکات .*

## ***رێگاچارە بۆ دروست بوونی کۆمۆنیکەیشن لەنێوان خێـزان و منداڵدا***

- زانایـــەك ئـــەڵێت (( لەگـــەڵ منداڵەکانتانـــدا وا هەڵسوکەوت مەکەن وەك لەگەل خۆتاندا کراوە بەڵکو لەگەڵیاندا بجولێنـەوە بـەگوێرەی زەمـەنی خۆیـان )) ئەم حالە ئەگـەر جـێ بـەجێ بکرێـت رێزێکـی زۆر لـە

کێشەی تێنەگەیشتن لەنێوان ئەم دوو نەوەیەدا چارەسەر دەبێت

- بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری دایك و باوکەکان لە رێگای میدیاو کەناڵە بینراو بیستراوەکانەوە ،بۆ تێگەشتن لە چەمکی ( خێزانی مۆدێرنن ، کرانەوە ، پەیڤین ، دیموکراسی ، قبوڵ کردنی جیاوازی نەهێشتن ، ..... هتد )
- پێویستە دایك و باوکەکان تێبگەن کە ئێمە لەووڵاتێکی دواکەوتودا نەژین و ناکرێ ونابێت هەموو شتەباشەکانی ژیان خەڵکی ووڵاتی خۆمان بن هەر بۆیە ئاساییە ستایلێکی مۆدێرن و ستایلێکی نوێ قبول بکەین و لەنێو کۆمەڵگەی خۆشماندا پەیکەڵی بکەین بەمەرجێك بەسود بێت بۆ کۆمەڵگاکەمان
- پێویستە لەروی پسپۆریەوە دایك و باوکەکان تێبگەیەنرێن کە مەرج نیە هەرچیەك ئەوان تێی نەگەن خراپ بێت و هەرچیەك ئەوان جاران کردویانە چاك بێت . بۆیە پێویستە گفتوگۆ و پەیڤین و بەگویرەی پسپۆری جیا بکرێتەوە لە نیو خێزاندا

واتە هەموو کەس بۆی نبێت لە هـەموو شـتێکدا قـسە بکـات ، بـۆ نموونــە بـاوکێکی نەخوێنــدەوار نابێــت رێگربێـت لـە کرینــی کۆمپیوتـەرێك بـۆ نەوەکـەی بـە بیانوی ئەوەی کە ئەو خۆی جاران بەکاری نـەهێناوە و نەی بووە .

- (کـەتازە هـات کۆنـە خەڵاتـە ) ئـەم وتەیـە پێـشینان جەختیان لەسەر کردوەتەوەو هەروەکو بۆ خۆیـشیان راستە . کاتێك تەوژمی زانیاری و تەکنەلۆژیا جـێ بـە کۆمەڵێك لەو دیاردە کۆمەڵایەتی یـەکان لێـژ دەکـات پێویستە نەوەی کۆن قبوڵی بکات .
- ژیانی سادە بەرهەم هێنەری مرۆڤ سادە و ساکاریشە هەروەك سەردەمی ئاڵۆز و جەنجالیش بەدی هێنــەری تـاکی ئـالۆزە لـەم هاەکێـشەیەدا ئەگەینـە ئـەوە کـە مرۆڤە سـادەکانی کـۆن هـەلگری پرسـیاری سـادەش بـوون هــەروەك نــەوەی نــوێیش هــەلگری پرســیار و داواکاری زۆرە ، کـە ئەمـەش پێویـستیەکی زۆری بـە

تێگەیشتن هەیە لەسەر هەردوو ئاستی نەوەی کۆن و نەوەی نوێش .

- (هەردەوەنە ئەبێت بە دار ) ئەمە ئەو وتەیە کە دایکان و باوکان زۆر ئەیڵێن بەلاَم خۆزگە ئەوانیش کەمێك بۆ خۆیان لێ ی ورد بوبونایەتەوە کە منداڵەکەی دوێنێ ئەمڕۆش هەر منداڵ نییە خاوەنی دنیایەك جیهان بینی و خەون و خۆزگەیە .
- پێویستە دایك و باوکان جیاوازی نێوان سنوری خۆشەویستی و ئازادی بزانن هەرگیز پانتای ئازادی بە کۆت و پێوەندی خۆشەویستی سنوردار نەکەن .

**راڤەی دووەم :- (لێپرسراو + ئەندامی حیزبی )**

لێپرسراو وەك کەسی یەکەم لە هەر دامەزراو دەزگایەکی ریکخسن یان بەشێك ن کۆمیتەیەك، لقێك ،......هتد .

سەر بەیەکەی دەسەلاَت لە ناو حیزبدا بەو جۆرە شوناسی پێ ئەدرێت کە لێهاتووترین و کامڵ ترین و بەتواناترین و شارەزاترین و دڵسۆزترین و داناترین کەسە ئەو سیفەتانەی تێدایە لە رووەرێکخستنیەکەوە کە ئەو حیزبە ئاماژەی پێ

كردووە یان بەمانایەكی تر هەڵبژاردووە و كاندیدی كردووە بۆ ئەو پۆستە .

ئـەوەی كـە جێگـای سـەرنجە و هۆكـاری سـەرەكی نـەبوونی كۆمۆنیكەیشنە لـە نێـوان (ئـەوەی بـاڵاو) (ئـەمی نـزم ) یـان ( ئــەمی كـاڵا ) كەمەبەسـت پــێ ی كارمەنــدە ئاســاییەكەیە ، ئەوەیە كە ئەمانە نەوەی دوو جیلـی جیـان ، هەڵكەوتـەی دوو ژینگەی جیان كوری دوو زەمـەنی جیـان ئـەم هـەموو جیایانـە ئەوەمان لەلا دروست دەكات كە بیرو بۆچون و توانـا و ئیـدراك و زانین و ئاست و تێروانین و جیهان بینیان جیاوازبێت بۆیە لـە هــەر بریـار و فــەرمان و رووبــەروو بوونەوەیەكـدا ،پێكـدادان روودەدات لــە كۆمۆنیكەیـشنیاندا تــا ئەگاتــە ئاسـتی ( میتــا كۆمۆنیكەیشن ) .

وەكو / سەردانی وەفدی مەكتـەبی سیاسـی ( ی . ن . ك ) بـۆ زانكۆی سلێمانی كـە ئاسـتی نـەبوونی كۆمۆنیكەیـشن لـەنێوان خوێنـدكارانی كۆلیـژە زانـستیەكان و بـەرێز ( عیمـاد ئەحمـد ) گەیشتە ئاستی ئەوەی كۆی خوێندكاران بەیەك دەنگ بلێن بـۆ دەرەوە كە ئـەكرێت لێـرەوە كۆمـەڵێك هۆكـار دەسـت نیـشان

بكەين بۆ دەركەوتنی ئەم دیاردەیە بەرادەیەك باڵ بەسەر كۆمەڵگەی كوردیدا كێشاوە نەوەی نوێ زۆر كەم بڕوای بە پرسیارەكانی حیزب هەیە ، چونكە زۆرترین بڕیاردەرانی نێو حیزبی كوردی لە چینی ( ئەوەی باڵآن ! ! )

**هۆكارەكانی دروست نەبوونی كۆمۆنیكەیشن**

**لە نێوان بەرپرس و ئەنجاماندا**

1-لەبەر ئەوەی وەكو تیۆری و ئەوەی كە هەیە لە نێو پەیڕەوە پرۆگرامی حیزبی كوردیدا مرۆڤ بە ماوەیەكی كەم ئەتوانێ پلەكانی ( ئەمی كالآ ) ببڕێت و ببێت ئەندام ( لق ، مەڵبەند ) بەلآم لە ڕووی واقیعەوە ئەندامانی حیزب زۆرن و بەو شێوەیە ئەو خالآنە جێ بەجێ ناكرێت هەر بۆیە تیۆر شتێك داوا دەكات و واقیعیش شتێكی تر نیشان دەدات ئەوەی كەمرۆڤ دەكات بە ئەوی بالآ پلەو خاڵ شیاوی و( كفاوە) ڕۆڵیان نابێت ئەوەی

ڕەوڕەوەکە ئەسوڕێنێت و ( شت ئەکات بە هیچ و
هیچ ئەکات بە شت ) :

أ– خزم خزمێنە
ب– بەرژەوەندی
ج– بەرامبەرکێ
د– دەولەمەندی
هـ– پلەو پایەی کۆمەڵایەتی
و– ماستاو چێتی
ز– ئەشەد و مابیلای کوێرانە
ح– لام و جیم نەکردن لە هیچ بڕیارێکی حزبیدا
ئەوە وشەیەی کە لە فەرهەنگدا نەبێت دەبێ وشەی ( بۆ ) بێت هەر بۆیە کەسی بەرپرس هەمان ئەو خاڵانەی سەرەوە لەبەر چاو دەگرێت لە مامەڵە کردنی لەگەڵئەندامانی ژێر دەستیدا هربۆیە ڕەوای لەنا دادپەروەری و نا ڕەوایش لە دادپەروەریدا دەبینن ئەم خاڵە دەمگەیەنێتە ئەوەی کە جیسمانیستی و بیر و

بۆچون لەم هاوكێشەیەدا لاسەنگە و ئاساییە و ئەگەر لە بچوك ترین هەڵسوكەوتەوە تا گەورەترین گفتارو كردار كێشەی بە دوادا دێت ، چونكە لە بنەماوە هاوكێشەكە پێچوانەیە .

2-بەردەوام لە نەبوونی كۆمۆتیكەشدا لەم بوارەدا دوو جیل ئامادە بوونیان هەیە (نەوەی پێشین ) ( نەوەی نوێ ) وە ئەم بەردەوامییە دەگاتە ئەوەی نەوەی پێشین هەمیشە بەرسەكەیەو فۆرخ كەری كۆی ئیمتیازەكان لە دەستی خۆیدا . ئەوەی نوێش كالآیە بە دەست نەوەی پێشینەوە وە جێبەجێكەری هەموو ئەركێكەو بارزانی و تەنی ( لاوانی سەرێرمن لە هەموو شۆرشێكیان بەلآم هیچ نین لە هیچ پۆست و ئیمتیازێكدا یان وەك ( رێبینی ئەحمەد هەردی ) ئەڵێت : ( تا مێندەی رنجی گەنج پێویستە لاو ئەكرێتە قەڵغان كەی باس هاتە

سەر بەش كردنی پۆست و ئیمتیازاد گەنج و لاو دەكرێتە دەرەوەی دیوە خان ) [1]

3-ڕوای دان بــە گــەورەی ئــەو كەســەی لەســەر نیمكەتی پۆستێك دائەنیشێت وەك گەورەی پۆســتەكە ئەمــەش هەڵیــەكی مەنهەجیەیــە چونكە كەسی سەر نیمەكەتە كە مەرج نییە بەفەدەر ئاستی پێویستی پۆستەكە گــەورە بێت .

4-ڕەوای دان بەوەی كە هــیچ كەسێك بۆی نییــە ( موناقەشە ) ی بابەتی سەرەوە بكات لە ژێر ناوی ڕەخنە یاخود خوێندنەوە یـاخود ڕاڤـە كردن یـان هـەر تـاوێكی تـر چـونكە لـە نـاو حیزبدا سەرەوە گەورەیـە بەنـدەی لـە كـەو بەفری بێ پەڵەیـە خوارەوەشــی ( ئەنـدام )

---

[1] گۆڤاری پەیڤین، لاوان لە بەردەمدیوەخنی گەورەكاندا ، رشێبین هەردی ، ژمارە (1)

خـەڵکی جێبـەجێ کـەرت و ( جونـدی )ن تەنها جێبەجێکردنیان لەسەرە .

5-مەسـەلەی شـەمەندەفەرەکە : لـە زۆر حیزبـدا کاتێك نـەوەی نـوێ گونـاحێکی بـۆ دروسـت دەبێت لەسەر چەمکێك یـان هەڵسوکەوتێك یـان پرسـیارێکی لـەلا دروسـت دەبێـت و بەرامبەر بە دیاردەیەك دەڵێت ( بۆ )!! لـە وەڵامـدا پێـی دەوترێـت ئـەم حیزبـە وەك شـەمەندەفەرێك وایـە ئێمـە ئەگەیەنێتـە مەبەستە ڕەواکانمـان ، بـەڵام ئـەبێت ئـەوە بزانین کە ئەم شەمەندەفەرە شایەتی هەیـە وە مـەرج نییـە هـەموو تاکـەکانی نـاو شەمەندەفەرەکە شارەزای ڕێگەو بان و بـەرز و نزمی و هەڵدێر و شێوەی ڕێگاکە بێت هەر بۆیە ئەو وەڵامە حازر بە دەستە بـۆ هـەموو پرسیارێکی نەوەی نوێ ئامادەیەو هێنـدەی پرسیار و گومان و دوو دڵی یە کـانی خەفـە نـەکرێت هـیچ وەڵامێك لـە هاناویـدا نییـە .

چونکە کەس ئەو سایەقە نایەت وەڵامی
پرسیارێك بە گەنجێك بسپێرێت .
6-نەوەی پێشین نەوەی خوێن و عارەق و ڕەنج
کێشان و بڵاو دەبنەوە بەو شاخانە . وە
بەردوامیش شانازی دەکات بەو خەبات و
ڕەنج و عەزێتەیەوە ئەمەش ئەکاتە
ئیمتیازێك و ستەمی پێ دەکات بەرامبەر بە
نەوەیەك کە ئەم سەروەرییانەی نییە .
چونکە نەوەی نوێ نەوەی شاخ نییە
نەوەی خەباتی ژێر زەمینی نییە .
بەمانایەکی تر نەوەی چاوەڕوانی
شکانەوەی شاڵاوی کوردستان نییە بەڵکو
نەوەیەکە بە چاوی خۆی ڕۆژانە حوکمڕانی
کورد دەبینێت ڕۆژانە بڕوای بە خەبات کز
تر بێت ڕۆژانە بڕوای بە گەندەڵی پشیداری
( بلچ ) ئەبێت ، چونکە ئەم نەوەیە
سیخنانە خەڵە ئازارەکانی دەسەڵاتی

کۆمۆنیکەیشن

کوردی وە دەسەلاّتی کوردی ئێستا ئەو
خەونەی جاران نییە کە تەنها لە جیهانی
خەڵکدا هەبێت بەڵکو لە جیهانی واقیعی دا
ڕەخنەشی لێ دەگیرێت . هەر بۆیە خەباتی
وەکو ( ماگی زەنگەر) ئەڵێ : ( لە
کەڵەتیشکۆفەوە بۆ کیبۆرد ) [2]

ئاسان نییە قبوڵ کردنی یەکتری لەنێوان ئەم دوو نەوەیەدا .

7-خەون و خولیای بەرپرس و بەڕێوەبەرە باڵاکان
تەنانەت لە ستیل و شێوازیشدا جیاوازی
هەیە لەگەڵ نەوەی نوێدا .

بەقەدەرە جوانی کتەلە شینکۆفی دگدا رۆڤ و حەفتاو پینجی و دەمانچەی ستیل و جامانەی قوت و جل و بەرگی کەتافی لەلای بەرپرسی باڵاّ ، لەلای نەوەی نێش مۆبایلە ( 6600 ) و ( BM) ی سەقەر و پرچی مێش و عەدەسەی کاڵ و تەختیتی پەمەییی و ، جوان و

---

[2] مانگی زانگەر ، رۆژنامەڤانی، لە کەڵە تیشکۆنەوە بۆ کیبۆرد

سەرنج ڕاکێش و جێگای بایەخن هەربۆیە ئەم دوو نەوەیە هەر کامێکیان بکرێت بەرێوەبەر بە سەر ئەوی تریانەوە سنورێك بۆ قۆرخ کردنی ئازادی ئەوی تر دێتە ئاراو ئەو هۆکارانەی کە لە هەر پرۆسەیەکی کۆمۆنیکەشندا رۆڵیان هەیە سەبارەت بە ئاستی کارگێڕی , پەیامی ئاڕاستەکراو لەسەر وەرگر واتە دەتوانین بڵێین ئەو هۆکارانەی کە رۆڵیان هەیە لە ڕادە سەرکەوتنی پرۆسەی کۆمۆنیکەشندا .

1–ئەو پەیامەی کە نێرەر ئاراستەی دەکات , بە مەبەستی دروست کردنی هەر کاریگەری و گۆڕانێك . (پەیام) سەرجەم ئەو زانیاری و بیرو ڕاو هەست و سۆزو بیرکردنەوەو ئاراستانە دەگرێتەوە کە (نێرەر) لە ڕێگەی , کەناڵێکی پەیوەندی کردنەوە , ئاڕاستەی وەرگری دەکات .کە دەکرێت ئەو کەناڵە هێمایەك بێت یان لە ڕێگەی دەنگەوە بێت وەك قسەکردن یان بەهۆی پێنوسەوە واتە (کتێب) و نوسراو گۆڤارو رۆژنامەکان

یان بە شێوەی نەخشە كێشان .وەك سەرجەم ئەو شێوە تایبەتیانەی كە بونەتە جۆرێك لە هێمالای خەڵك .

2- دووەم رەگەزكە رۆڵی سەرەكی هەیە لە پرۆسەی كۆمۆنیوكەیشندا بریتی یە لە وە (وەرگر) ئەو كەسەیە پەیامەكەی ئاراتە دەكرێت كە دەكرێت تاكە كەسێك بێت یان لەوانەیە كۆمەڵە كەسێك بێت یان دەزگایەك بێت یان كۆمەڵگە هەمووی بێت ....)

بێگومان ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی وەرگر لە مەبەستی پەیامەكەی نێرەر خاڵێكی زۆر جەوهەریە , چونكە هەندێ جار لەوانەیە وەرگر لە مەبەستی پەیامەكەی تێ نەگات , هەر بۆیە لێرەوە پەیامەكە ئەو ئامانجەی كە دەیەوێت بیهێنێتەدی لەدەستی دەدات بە تافارێكی دیكەدا دەڕوات .
بەتایبەتی ئەم حاڵەتە لەو كاتەدا ڕوو دەدات كە وەرگر پێك هاتبێ لە چەند كەسێك یان هەموو كۆمەڵگەو تاكەكانی نەتەوەیەك

3–ئامانج :– لە هەر پرۆسەیەکی کۆمۆنیکەیشندا ئامانجێك هەیە , ئامانجی هەر پرۆسەیەکی کۆمۆنیکەیشنیش بریتی یە لە :–دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و هەست و سۆز و ئاڕاستەی بیرکردنەوەی وەرگر

زۆر جار ڕوودەدات , کاتێك لە پرۆسەیەکی کۆمۆنیکەیشندا کە مەبەستمان نایەتەدی , بێگومان هۆکاری ئەمەش بریتییە لە نەگەیشتنی ناوەرۆکی پەیامەکە وەك خۆی بە وەرگر بەهۆی خراپی ئەو کەناڵەی کە پەیامەکە دەگەیەنێت .

4–هۆکانی گەیاندن / ئەو هۆکارەی کە نێرەر دەیەوێ پەیامەکەی بەهۆیەوە بگوێزێتەوە بۆ وەرگر کە شێوازو هۆکارەکانی گەیاندن جیاوازن , بە پێی جیاوازی کۆمەڵگەو سەردەمە جیاوازەکان کە دەکرێت پەیام بە هۆی چەند کەناڵێکی جیاوازەوە ئاڕاستەی وەرگر بکرێت بۆ نمونە ئەگەر جۆری پەیوەندیەکە کەسی بوو ئەوا کەناڵی پەیوەندی کردنەکە بە شێوەیەکی شەفەوی دەبێت بەلاّم لە حاڵەتی پەیوەندی کردنی جەماوەریدا , کەناڵی پەیوەندی کردنەکە لە

جـۆری نوسـراو گۆڤـار و ڕۆژنامـەدا دەبێـت یـان لـە ڕێگـەی ڕاوێژەوە و لە ئەنتەرنێتەوە دەبێت.

5– تشویش (ژاوەژاو)جـۆری کـرداری پەیوەنـدی کردنەکـە لـە هەر جۆرێك بێت و لەهەر ئاستێکدا بێت , یـان لـە ڕێگـەی هـەر کەناڵێکەوە بێت ئەگەر ئەوە هەیە کەژاوەژاو بـە ڕێگەیـەك لـە ڕێگەکان کاری تێ بکات و لێك تێگەیشتن ڕوونادات .

6–ئەو کاتەی کە پرۆسـەی کۆمۆنیکەیـشنەکەی تێـدا ئـەنجام دەدرێت , واتە دەبێت نێرەر بزانێت لە چ ساتێکدا پەیامەکـەی خۆی ئاراستە دەکات دەبێت کاتـی زێڕین هەڵبژێرین بۆ دروست کردنی زۆرترین کاری گەری .